## دەنگەکان :

ئەنفال پاش دادگایی سەرانی بەعس، ئایا ئێستا ئەنفال لە کوێی هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق و ناوچەکەدا جێگیربووە؟ ئایا وەک کردەیەکی جینوساید ناسراوە، یان هەر وەک کێشەیەکی لۆکاڵ سەیردەکرێت و پەیوەست دەکرێت بە تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی لەلایەن سەرانی بەعسەوە؟ ئاخۆ ئاکامی ئەو دادگاییە چ ئاکامێکی بۆ داهاتووی کورددەبێت؟

### سەردار عەزیز :



**گومان لەوەدا نیە کە ئەو گۆرانانەی بە سەر ناوچەی عێراق و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ناوچەکەدا هات بۆیەکەم جار لە مێژوودا، تا نووسینی ئەم دێرانە قازانجی لە زیانی بۆ کورد زیاتربووە. گەلێک گۆرانی گەورە هاتەدی، کە هەر هەموویان کەم تا زۆر کورد زیانی لێنەکردوە. یەکێک لەو رووداوانە دادگاییکردنی سەرانی بەعس بوو. ئەم دادگاییکردنە بێگومان دەبێتە یەکێک لە رووداوە گرنگەکانی سەدەی بیست و یەک وە کورد بەشێک بووە لەو دادگاییە. هەرچەندە لە سێدارەدانی سەددام پێش دستپێکردنی کێشەی کورد، چ هەڵەبجە چ ئەنفال، یەکیک بوو لەو دەرفەتە گەورانەی کە کورد نەیتوانی سوودی لێوەربگرێت.**

**بەڵام سەرەرایی ئەمانە ئێمە پێویستە گۆران بەسەر بیرکردنەوە و چەمکەکانمانا بهێنین. گریمان کێشەی کورد وەک جینوساید ناسرا، کە بەبروای من بە رادەیەکی زۆر ناسراوە، بەڵام دانپیانان یان ناسینی ئەنفال وەک جینوساید، کە بێگومان جیونوسایدە، مانای ئەوە نیە کێشەی ئەنفال چارەسەربوو. بۆئەوەی مەبەستەکەم زیاتر روونکەمەوە، لە ئەدەبیاتی فیکری و سیاسی کوردیا تێگەشتنێک هەیە گوایە، ئەگەر هاتوو، کێشەی کورد بەگشتی و ئەنفال بەتایبەتی، وەک کێشەیەکی جیونوساید ناسرا لە دونیادا ئەوا ئیتر ئێمە وەک نەتەوەیەک جارێکی تر رووبەری مەترسی وەها نابینەوە و کێشەکەمان دەگاتە ئاستێک کە دەبێ چارەسەربکرێت.**

**دیارە گومان لەوەدا نیە کە ناساندنی ئەنفال وەک جینوساید گرنگە، وە بە ژێرخانی پێویستی هەموو هەنگاوێکی داهاتوودێت. بەڵام سەرەرای ئەمە رەنگە ئەنفال لە سەر ئاستی جیهانیدا وەک کێشەیەک بناسرێت و نەبێتە هۆی گۆرانی کێشەی کورد. تێگەشتنی کورد بۆ جینوساید تێگەشتنێکە کە لە روانگەی زانستی سیاسیەوە سەرچاوەی نەگرتوە بەڵکو تێگەشتنێکە خوازراوە وە بەبێ هیچ خۆماڵیکردنێک وەک چەمکێکی رەها بەکاردەبرێت. بۆئەوەی جارێکی تر، مەبەستم زیاتر روونکەمەوە؛ تێگەیشتنی ئێمە بۆ چەمکی جینوساید لە کێشەی جولەکەو ئیسرائیلەوە سەرهەڵئەگرێت. ئێمە وائەزانین لەبەر رووداوی جیونوسایدی جولەکە لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئیسرائیل وەک ئەو هێزەی کەهەیە بوونی هەیە. کە لە رووی مۆراڵەوە کەلتەری رۆژئاوای خستە ژێر پرسیارەوە وە هەر ئەمەش بوون بە پەرژێنێک کە کەس نەتوانێ جارێکی تر وەک جاران مامەڵەی جولەکە بکات. هەرچەندە ئەم دیدە لە قاڵبدراوە و رۆژانە بە هەمووان دەفرۆشرێت بەڵام لە راستیا کێشەکە بەو جۆرە نیە.**

**بەڵگە مێژوویەکان پێمان دەڵێن کە پاش جەنگی جیهانی دووەم جولەکە و جیونوسایدەکەیان، بە تایبەت لای ئەمریکیەکان، ئەو بایەخەیان نەبوو، بە پێچەوانەوە ئەمریکا لە خەمی بونیادنانەوەی ئەڵمانیادا بوو دژ بە یەکێتی سۆڤیەت. جیونوسایدی جولەکە بەبێبایەخ مایەوە لە ئەمریکا هەتا جەنگی شەش رۆژەی یەم کەپور لە ساڵی 1967، بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە**

خوێنەر دەتوانێ بچێت بۆ کتێبی؛ پیشەسازی هۆلۆکۆست، لەلایەن نووسەری جولەکە نۆرمان. ج. فنکلستین کە لە ساڵی 2000 لەلایەن دەزگای ڤێرسۆوە لە چاپدراوە.

ئەمە پێماندەڵێت جینوسایدی جولەکە کاتێک بووبە کێشەیەکی جیهانی کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا هاوتەبابوو. ئەمە هیچ پەیوەندی بە گەورەی و تراژیدیای کێشەکەوە نیە، بۆ نموونە لەگەڵ جولەکەکاندا، خەڵکی کەم ئەندام و قەرەج و کۆمۆنیستەکانیش بە کۆمەڵ مردن بەڵام هێندە نەبوونەتە جێی بایەخ. بۆیە کورد دەبێت تێگەیشتنی ئیسرائیلیانە بۆ جینۆساید بە دۆگما تێنەگات و وە هەروەها بە تەنها جیونوسایدیشی تەماشا نەکات. بەلای منەوە کێشەی جیونوسایدی کورد لە کێشەی جینوسایدی ئەرمەنەوە نزیکە. هەموو دونیا دەزانێت، زانینی بەبەڵگە، کە ئەرمەنەکان لە سەر دەستی عوسمانیەکان تووشی جیونوسایدبوون، بەڵام زۆربەی ووڵاتانی دونیا لە نێویاندا ئەمریکا لەبەر بەرژەوەندیەکانی ئامادەنیە دانیپابنێت و بیناسێنێ.

لەم روانگەیەوە، داهاتووی عێراق رەنگە مەترسی داربێت. ئەگەر ئەمرۆ تراژیدیای کورد بەکاردێت بۆ تاوانبارکردنی سەرانی بەعس ئەوا ئەگەر عێراق لە داهاتوودا وەک ئێستا بمێنێتەوە، دوورنیە جارێکیتر تراژیدیای کورد نەخرێتە گۆمی بێدەنگیەوە لە پێناوی (المص(ا)لحە الوطنیە). پاش لە ناوچوونی سەرانی بەعس مەترسی ئەوە هەیە بۆ هێشتنەوەی عێراق وەک ووڵاتێکی یەکپارچە، رابوردوو لە بیربکرێت و بشاردرێتەوە وە دروشم و خیتابی بریقەدار و پڕپوچ ببێتە سەردێری رۆژنامە و گۆڤارەکان و ووتەی سەرزاری بە ناو سیاسەتمەداران و هەواڵبێژەکان.

ئەنفال، کە من وەک گەرمیانیەک بەشێکیم بەچاوەکانی خۆم بینی (کە کورد چالاکانە تیایدا بەشداربوو) و لە دەرئەنجامی ئەوەش چەند ساڵێک لە ئۆردوگای صمود ژیام. ئەنفال هێندە رووداوێکی تراژیدیە کە دەکرێت ناسنامەی ئێمەی وەک نەتەوەیەک لەسەر بونیادبنرێت. من وەک لە نووسینێکی پێشوومدا ئاماژم پێدا ئەنفال وەک بەردەکەی سیزیف وەهایە هەمیشە بەئازارەوە لەگەڵمانا دوبارەئەبێتەوە بەڵام ئەگەر بێتوو لێکۆڵینەوە و تێز و بیری قووڵمان هەبێت بەرامبەری ئەوا ئەنفال دەبێتە ئەو دیاریدەیەی کە ناسنامەی ئێمە بونیادئەنێت. چونکە ئێمە تا ئێستا وەک نەتەوەیەک قەیرانی ناسنامەمان هەیە. ئێمە هەمووومان کەمتەرخەم و تاوانبارین، کۆمەڵێک تاکی کەم نەبێت کە سەرباری کەم تواناییان کاری باش و گەورەیانکردوە، بەشێکی زۆری کورد توانای تێگەشتنی بۆ رووداوەکە نیەو نازانێ یان نایەوێ مامەڵەی لەگەڵا بکات. قەیرانی ناسنامەو نەبوونی ناسنامە یەکێکە لە قەیرانە قووڵەکانی کێشەی کورد. تێنەگەیشتنی ئێمەیە بۆ تراژیدیاکانمانە کە رێگە ئەدەێن خاوەنی پارت و هێز و حوکومەت و کۆمەڵگای وەهابین کە ئێستا هەمانە. بەشی هەرە زۆری ئەنفالەکان خەڵکی لادێی هەژارن. ئێمە ناپرسین بۆچی ئەوان بەشی زۆری تراژیدیاکان بچێژن و ئەوانی تر بەشی زۆری بەرهەمەکەی بۆخۆیان پاوانکەن. ئەگەر ئێمە هەمووومان لەبەردەم قرکردنداب‌ووین بەبی جیاوازی ئەوا دەبێ هەمومان خاوەن دەستکەوتەکانی ووڵات بین بەبی جیاوازی. گەلێک کە رووبەرووی رووداوێکی وەک ئەنفال بووبێتەوە هەرگیز نەدەبوو ببێتە کۆمەڵگایەک کە کەمینەیە سەردەست و خۆبەخاوەن زان، زۆرینەش سەگ!! ئەگەر هەمووومان تاوانباربین کە ئەنفال کێشەیەکی جیهانی نیە، ئەوا تاوانباری گەورە ئەوانەن کە توانای گەورەیان هەیە و هیچیان نەکردوە. گوناهە ئەنفال ببێتە بەشێک لە خیتابی سیاسی ئێمە لە کاتێکا خیتابی سیاسی ئێمە لە خزمەتی هاووڵاتی کوردا نیە. ئەوەی ئێمە پێویستە بیکەین ئەوەیە کە ئەنفال و کورد بکەینە جمک. ئەگەر کەسێک لە هەرکوێیەک ناوی کوردی بەرگوێکەوت ئەوا یەکسەر ئەنفالی بەبیردابێت.

**رۆژنامەگەری کوردی لە پاش راپەرینەوە تائێستا لە دەرەوەی مەوعیزە و گوتارە سیاسیەکان خاوەنی چ پرۆژەیەک بوونە سەبارەت بە ئەنفال. دەکرێ رۆژنامەگەری کوردی خاوەنی چ پرۆژەیەک و ئاسۆیەک بێت لەو بارەوە؟**

من بەش بەحالی خۆم لە هیچ پرۆژەیەک ئاگادارنیم. ئایا رۆژنامەگەری کوردی هەرگیز خاوەن هیچ پرۆژەیەک بووە. رۆژنامەی کوردی دوو بەشە؛ یەکیکیان زمانحالی حیزبە و ئەوی تریان ئەهلی. حیزبە کوردیەکان لە هیچ بوارێکدا خەمی تێگەشتن و بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و پەیوەندیکردن نین. حیزبی کوردی دەرک بە گرنگی مەعریفە و پرۆژەی مەعریفی ناکات. لە راستیدا حیزبی کوردی دوژمنی سەرسەختی رۆشنبیری راستەقینەیە. لەبەر ئەم هۆیانە رۆژنامە حیزبیەکان نە کەسی کارا و لێهاتویان تیایە بتوانێ دەرک بە گرنگی و قورسی کێشەکان بکات، جگە لە هەواڵەکانی حیزب، تابیانکاتە بابەتی لاپەرەکانی، نە حیزبیش خەمی دەخوات. رۆژنامە ئەهلیەکانیش وەک هەر رۆژنامەیەکی تری هەموو دونیا بازار بەرێوەی دەبات. چونکە هیچ هەوڵێکی جیدی نەدراوە بۆئەوەی ئەنفال ببێتە بەشێک لە دونیابینی عەقڵی کوردی، ئەوا لای رۆژنامە ئەهلیەکانیش نابێتە بابەتێکی گرنگ چونکە بابەتی وەک ئەنفال رەنگە ببێتە هۆی نەفرۆشتنی رۆژنامەکە!!

دیارە میدیا ئەتوانی رۆڵێکی هێجگار گەورە بگێرێت لە دارشتنی فرەیمی (چوارچێوەی) عەقڵی و ئیماجنەریدا کەوا لە تاکی کورد بکات ئەنفال هەمیشە لە عەقلیا زیندووبێت، بەڵام ئەمە پێویستی بە داهێنان هەیە، چونکە لە راستیا پرۆسەیەکی هەرگیز تەواو نەبووە. بۆنموونە چۆن منداڵ لە ئەنفال تێبگات. چۆن نەوەی داهاتوو لە ئەنفال تێبگات. چۆن ئەوانی تر لە ئەنفال تێبگەن. هەبوونی ثنک تانکێک بۆئەو مەبەستە وەها لەوانی تر ئەکات کە مەبەستی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان هەیە کارەکەیان زانستیانەتر و دروستتر بەرێوەبەرن. ئەوەی پێویستە بووترێت ئەنفال هەتا ئێستاش بەزۆری رووداوێکی زارەکیە. زۆربەی ئەوانەی بەر هەڵمەتی ئەنفال کەوتن توانای خوێندنەوە و نووسینایان نیە، بۆیە سەرەرای تراژیدیای رووداوەکە بە گێرانەوەیەکی ساکار بۆ نەوەکانی داهاتوو ئەوەندە کاریگەر نابێت. بۆ نموونە کارێکی هەنووکەییە کە هەموو ئەوانەی لە ژیاندان داویانلێبکێرت کە بەسەرهاتیان بگێرنەوە وە ئەگەر سەنتەرێکی تایبەت هەبێت لە ئەرشیفەکانیا بیپارێزێ. ئەگەر بپرسین ئایا رۆژنامەگەری کوردی دەتوانێ بە هیج کارێک هەستێ، لە وەڵامدا نەخێر، تەنها لایەک یان دەزگایەک هیچ کارێکی بۆ بەرێوە نابرێت. بیریاران و نووسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەنوسان و رۆژنامەکان و دەسەڵاتداران هەموو پێکەوە دەبێ بەکارەکە هەستن. بۆنموونە بەرێزت بۆئەوەی بەم کارە هەستی دەبێ لەگەڵ ئەوانی تردا هاوکاری بکەیت. سوپاس بۆ تەکنەلۆژیا کە بە ئاسانی و هەرزان ئەتوانین پەیوەندی بکەین ئەگیان کارێکی وەک ئەم مەلەفەش مەحاڵ بوو.